بۆ به سیستمکردن و پەرەپێدانی تواناکان له بواری گرێبەسته گشتیەکان ( Sustainable capacity building in public procurement)، وەزارەتی پلاندانان به هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەولەتی له هەوڵی بەردەوامدان بۆ دانانی ئەم بابەته له منهاجی ساڵانەی کۆلێژەکانی ( ئەندازە، یاسا، کارگێڕی و ئابووری )، وەله هەمان کاتیشدا لەمنهاجی سەنتەرەکانی فێرکردنی بەردەوام له هەردوو زانکۆی ( سەلاحەدین و سلێمانی ) لەهەرێمی کوردستان.

بۆ بەدواداچوون و گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەی داهاتووی کۆلێژەکانی هەردوو زانکۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرێبەسته گشتیەکان له وەزارەتی پلاندانانکۆبوونەوەیەکی له ڕێکەوتی 2015/1/22 ڕێکخست به ئامادەبوونی بەڕێز بریکاری وەزارەت و نوێنەرانی بانکی نێودەولەتی و نوێنەرانی کۆلێژەکان له هەردوو زانکۆی ناوبراو.

